**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بە حوکمی بڕگە(1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (34)ی رۆژی 2007/7/18ی خۆیدا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا :**

## یاسای ژمارە( 20 )ی ساڵی 2007
## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
## بۆ ماوەی 2007/1/1 تاکو 2007/12/31

**ماددەی یەکەم:**

گوژمەی تەنیا(7847660) (حەوت ترلیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیار و شەش سەد و شەست ملیۆن دینار بۆ ساڵی دارایی/ 2007 تەرخان دەکرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

**یەکەم:** گوژمەی (2285556)تەنیا ( دوو ترلیۆن ودووسەد و هەشتاو پێنج ملیار و پێنج سەد وپەنجا شەش ملیۆن دینار) بۆ پرۆژە سەرمایە گوزارییەکان.

**دووەم:** گوژمەی (5518287)تەنیا (پێنج ترلیۆن و پێنج سەدو هەژدە ملیار و دوو سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی کارپێکردن.

**سێیەم:** گوژمەی (43817)تەنیا (چل و سێ ملیار و هەشت سەد و حەڤدە ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2007 لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی (5982356) تەنیا (پێنج ترلیۆن و نۆسەد و هەشتاو دوو ملیار و سێ سەد و پەنجا و شەش ملیۆن دینار) دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق پارەی حساباتی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بە پێی داهاتی دارایی دەسکەوتوو دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بکات.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم:** وەزیری دارایی دەسەلاتی ئەوەی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەک دەروازەدا بکات جگە لە فەسڵی مووچەکان، کە دەشێ بۆی بگوێزرێـەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

**دووەم:** نابێ گوێزانەوە لە نێوان تەرخانکراوەکانی گەشەپێدان لە نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە بکات لە نێوانی پارەی تەرخانکراو بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێک کردنەوەیان لە وەزارەتێک وخستنیان بۆ سەر وەزارەتێکی تر دەدرێ و وەزیری پەیوەندیدار، بۆی هەیە گوێزانەوە لە چوارچێوەی یەک فەسڵ و یەک یەکەی خەرج کردن بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی دەسەڵاتی پێدەدری بۆ خستنە سەری پارەی تەرخانکراوی گشتی پەسند کراو بۆ بودجەی ساڵی دارایی 2007 بەرێژەی 1٪ لە سەرجەم تەرخانکراوە پەسند کراوەکانی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

**یەکەم:** تەرخانکردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە نوێیەکان لە ماوەی ساڵی دارایی 2007 دا.

**دووەم:** تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حاڵەتە ناکاوییەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا وردەکاریی میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم کوردستان ـ عیراق بۆ ساڵی دارایی 2007 رێك دەخات و لەبەر رۆشنایی کولفەی مووچە پەسندکراوەکان لە بودجەدا پەسندیان دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** دەبێ وەزیری دارایی رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لە ماوەیەك کە دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە.

**دووەم:** وەزیری دارایی هەر سێ مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەرباری دارایی پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق دەکات.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەك لە( 250) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك هەیە وبۆیشی هەیە دەسەڵات بداتە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت بۆ خەرج کردنی گوژمەیەك لە(100)سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

**دووەم:** سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە لە(150) سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك لەگەڵ رەچاوکردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانەی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێ.

**ماددەی یازدەم:**

گوژمە پارەی پیتاکەکان کە بە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەخشراون دوای ئەوەی کە لەلایەن وەزیری داراییەوە قەبوول دەکرێن بە داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی تەرخانکراوی وەزارەت یا لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت تەرخانی بکات تاکو بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا بەخشراوە خەرج بکرێت.

**ماددەی دوازدەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکاریی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی( وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوەو لە رۆژی (2007/1/1)ەوە کاری پێدەکرێ.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

---

**تێبینی: ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (71) **ساڵی حەوتەم -ی رۆژی** 2007/7/29 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە**